## کێ ئەو تابووت و سندووقانە دروستدەکات؟ ئەوە کام دارتاشە و لە کام کارگەدا ئەو تابووتانە بۆ مەردوومەکان ئامادە دەکات؟

**( 1 )**

* هەر کەسێک کە لە دایک دەبێت، لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایەدا بێت، سەر بە هەر چین و توێژێک بێت، لە یەکەم رۆژەوە دەکەوێتە ناو بۆکسێک/ سندووقێک کە خوازە و مێتافۆرێکە بۆ ئەو ژینگەیەی مرۆڤ تێیدا پەروەردە دەبێت، هەر لە منداڵییەوە تا دوا ساتەوەختی تەمەنی. لە ناو ئەو بۆکسەدا کە ئەگەر پۆڵایین بێت یان تەختەبەند، سەرەتا پآ بە پآ مرۆڤ هەوڵدەدات خۆی لە ناو یان لەگەڵ ئەو سندووقەدا بگونجێنێت، چونکە هەر ئەوەندە وزە و توانا ئاشکرا و شاراوەکانی عەقڵی پڕ دەکەن، هەموو هەڵگەڕانەوە و نەخێر و ملنەدانێکی خۆرسکییە، کەم و زۆری هەموو ئەو شتانەی لە تەمەنی ساواییدا نیگەرانی دەکات وەک پێویستییە بایۆلۆژییەکان، بۆ گوزارشتکردن لە نارەزایەتی یان داوا و خواستەکانی خۆی پەنا دەباتە بەر هاوار و گریان و ورکگرتن و مۆنبوون لەتەک دەیەها لەو نیشانانەی کە دەبنە بەڵگەی رەتکردنەوە و قایلنەبوون بەو دۆخەی تێیکەوتووە، دیارە لێرەدا زۆر خۆرسکانە و منداڵانە دەردەکەوێت، لە چاوی مندا هەمیشە قوومات لەسەر وەختی مەلۆتکەییدا لە تەک لانک / بێشکەدا یەکەمین شوێنە بۆ بەستنەوەی منداڵ کە زێدە کوشندەیە و بێبەشی دەکات لەو جووڵە خۆرسک و ئازادانەی کە لەش پێویستی پێیەتی، لە تەک شەتەکدانی بە دەسترازەش کە دەبنە کەرەستەیەک بۆ پەلبەستکردنی وەک کۆت و بەند، هەر هەمووشی ئامرازێکن بۆ سنووردارکردنی جووڵەکان، دیارە بە بیانووی خەوتنی خۆش و بە دووربوون لە خۆ ئازاردان بووە، رەنگە لە هەنووکەدا وەک یەکەمین بەربەست و کۆت و پێوەند و زیندان تەماشای بکەم، کە لە باری واقیعیدا لە جوگرافیاکانی دیکە کەمتر بەر چاوم کەوتوون، هەندێک جاریش بوونەتە مایەی جۆرێک لە شێوانی جەستە، کە بە دەم گریان و ژان و ئازاری نادیاری لەشیانەوە، هاوشانی گریان و زریکە و یان خۆشی و خەنین جووڵەی لەش تەواوکەری ئەو گوزارشتە سەرەتایی و سادەیە بووە، هەتا گەر لە باری زانستی و واقیعییەوە ئەم رازەم راستیش نەبێت، زۆر جاران دەمارگیری خەڵکی خۆمان بۆ ئەو قۆناغەی کوشتنی جووڵەکانی هەر چوار پەلمان دەگێرمەوە

دوا جار هەر نارەزایی و رەتکردنەوەیەک کە مەرجە گەورەکان هۆشمەند بن و خۆیانی بۆ ئامادە بکەن، لە شێواز و تەکنیکی ئەو گوزارشتە دەگۆرێت، رەنگە باڵاترین جۆری لەم سەردەمە لەسەر ئاستی تاکە کەس نووسین و قسەکردن بێت لە تەک هەموو ئاماژە جەستەیی و رەمزییەکانی دیکە، تا چەندە منداڵەکە گەورەتر بێت..خودی فەزای گشتی و ژینگە و کەلچەری باوی ئەو سات و سەردەمە سندووقەکەی پڕ دەکات لە هەموو ئەو بیر و باوەڕ و خوو و رەوشت و بەهایانەی، کە بە راست و دروست و پیرۆز تەماشا دەکرێن لە نێو خەڵکانی ئەو جوگرافیا دیاریکراوەدا، دیارە کەسانێک هەن تاوەکو ماون هەر لەناو ئەو بۆکسانەدا دەمێننەوە و نایەنە دەرەوە، هەڵگری هەمان مۆراڵ و نۆرمی کۆمەڵایەتی دەبن کە کۆی ئەندامەکانی کۆمەڵگا لەسەری پەروەردە بوون، هەتا گەر زۆر نابەجآ و داڕزیوو پاشکەوتووانەش بن، هەتا گەر ببێتە مایەیماڵوێرانی ومەرگەساتی زۆر گەورە، بە ملیۆنەها مرۆڤ لە دایک دەبن و دەژین و دەمرن بێئەوەی یەک گومانی هەبێت لەسەر هیچ کام لەو جومگە و بڕگانەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی و رامیاری و مۆراڵی ئێمەی پێوە بەندن.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئاخۆ چ شتێکە وا دەکات کە مرۆڤ ئەوەندە هۆگر و دەروێشانە باوەش بە هەموو ئەو بیروباوەڕ و بەهایانە بکات کە باب و باپیرانی لەسەری ژیاون و لەوەڕاون، هەتا گەر کۆن و بێمانا و عەمبارەپۆ بن..؟ ڕەنگە سایکۆلۆژیا یارمەتیمان بدات لەوەی کە خووپێوەگرتن و ڕاهاتن لەسەر هەر خوو و خدەو ڕەفتارێک پرێکی زۆر لە ئاسوودەگی و ئارامی تێدایە، چونکە هەموو لەخۆگۆڕینێک تواناو وزەیەکی تازەو سەرچاوەیەکی زۆر زاڵی فیکری دەوێت، کە مەرج نییە هەمووان لێی بەهرەمەند بن، یان ئەو زەمینە خۆشکرابێت کە هەر هەمووان دەستیان بگاتە ئەو سەرچاوانەی کە دەبنە مایەی دروستکردن و چەکەرەکردنی ئەو گومان و پرسیارانەی دەبنە سەرەخۆرە و ناهێڵن مرۆڤ بە ئاسانی قایل بێت بەو بیر و باوەڕ و بەهایانەی کە ژمارە هەرە زۆرەکەی خەڵکی دەوروبەرمان پەسندی دەکەن و پێی ئاسوودەن، چونکە پەروەردەی هەزارانەی ئێمە چەکدارمان ناکات بە هەموو ئەو سەرچاوانەی کە لە باری ڕۆحی و فیکری و فیزیکی بەهێزمان دەکەن بۆ ڕاوەستان و بەرەنگاری و زاڵبوون و تێگەیشتن لەوەی کە ئێمە دەکات بە کۆیلە و بەندەوار و کاڵفام.
کەواتە خۆهەڵخراندن و تەبابوون و خۆگونجاندن مانای ڕاستی و دروستی و پیرۆزی ئەو ڕەوشت و بەهایانە ناگەێنێت کە بە میرات بۆ ئێمە ماونەتەوە. ئەوەی کە وا دەکات مرۆڤ قایل نەبێت بەو ژیان و دۆخەی تێیکەوتووە سەرهەڵدان و بوونی ڕوانینێکی تازەیە بۆ ئایندە و خەونبینین بە ژیانێکی شکۆمەندانەتر، ڕازینەبوونە بە ژیانێک کە (هەنووکە) و (لێرە)دا دەگوزەرێت، خەیاڵ و خولیایەکە بۆ فڕین رووەو ئاسمانێکی دیکەو گەشتێکە بەرەو ئاقارێکی نەدۆزراوەو سەرزەمینێکی ڕەنگینتر. وەها کەسانێک ئامادە نین بەندەوارو کۆیلەی ناو سندووقەکانیان بن کە تا ماون لە قالب بدرێن، کەسانێک هەن هەرگیز ناتوانن خەون بە دەرچوون لەو سندووقانەوە ببینن، بە پێچەوانەوە ئەو بۆکسانە دەکەن بە تابووتی خۆیان و تیایدا دەمرن و دەژین، دیارە زیندەگی ناو تابووتەکان کوشندەترە لە خودی مەرگ.
پرسیاری دووەممان ئەوەیە: کآ ئەو تابووت و سندووقانە دروستدەکات؟ ئەوە کام دارتاشە و لە کام کارگەدا ئەو تابووتانە بۆ مەردوومەکان ئامادە دەکات؟ چ هێزێکی زاڵ و زۆردارانەی هەیە کە نەهێڵێت کەس ڕوانینێکی قووڵ و تازەی ببێت و خەون بە شکاندنی ئەو تابووت و سندووقانەوە ببینێت؟ ئەفسووس بێجگە لە ماڵ/ خێزان و قوتابخانەو کڵێساو مزگەوت وحیزب و سەربازگە، هیچ کارگەیەک شک نابەین، هەرچی دیاردەو ڕووداوێک لەسەر ئاستی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی کە تووڕەو غەمگینمان دەکات، وەک ڕۆحی ڕەوشتپارێزی بە خراپ یان باش دادگایی دەکەین، ڕەگوریشە و سەرچاوەکانی دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕۆژگارەی کە هێشتا مەلۆتکە و ساوا بووین کە پاشان فەراقە و هەراشتتر دەبین، هەڵبەتە دەکرێت گەورەبوونی قەبارەی لەش پاڵەستۆی خۆی لەسەر قوومات و بێشکەو سندووق و قەفەزو تابووتەکە دروست بکات، بەڵام ڕۆحی کلۆڵ وا لەوێدا بەندەو گەشە و خەونبین و ئازادتر نابێت لەوەی کە بۆی ڕەسم کراوە، لە ئێستادا زانست قۆناغی دەڵەمەیی و کۆرپەلەیی ئەو نۆ مانگەی منداڵدانی دایکیش بە هەند هەڵدەگرێت، لە باری جەستەیی و ڕۆحی دایکەکەوە، بگرە گۆڕانکاری لە پەیوەندییە ئالۆزەکانی پڕ لە خۆشی و ناخۆشی دایکە و باوکە، بێجگە لە فاکتەری میرات و بۆماوەیی کە بایۆلۆژیا کاریگەری خۆی لە خوێندا بەجێدێڵێت.

هەرچییەکی ئێمە بە ناوی رەوشت و رێزگرتن لە داب و نەریتی باو و باپیران ناوی دەبەین کە دوا جار ئەو مەردمانە دروست دەکات، بە مآ و نێرەوە، کە ئێمە ناویان دەنێین ژن و پیاوی نۆرماڵ و تەندروست و هۆشمەند و رەوشتپارێز هیچ نیە بێجگە لە بەرهەمی لە قالبدراوی ئەو تابووت و بۆکسانە، بەرهەمی درێژخایەنی هەزارەها ساڵی داڕزیوی کارگەکانی بەرهەمهێنانی مرۆڤی یەک بیچم و چەهرە و رۆح، بەرهەمی غەمگینکردنی مرۆڤەکان بە ناوی بەها پیرۆزەکانەوە، بە ناوی رەوشتی ئایدیاڵ کە لە ناوەرۆکدا بەرهەمی چەپاندن و سەرکوتکردن و خنکاندنی هەرچی رۆحی جوانپەرستی و ژیاندۆستی و ئارەزووە ئینسانییەکانە. مرۆڤە نۆرماڵەکە لێرەو هەنووکە بە تەواوی دەردار و بیمارە کە بە خۆی نازانێت لە ناو سندووقەکەی خۆیدا هیچ نیە بێجگە لە تەرمی ناو تابووتێک کە بە تەواوی کرمەرێز بووە، بۆگەنی کردووەو ئەخلاقێکی درۆزن و ریاکار داغانی کردووە، هەیانە بە خۆیان نازانن، چونکە مردوو دەکەوێتە دەرەوەی هەستکردن بە تەندروستی و ناتەندروستی، هەیانە کە زۆرینەن و بە خۆیان دەزانن نەخۆش و توورە و دەمارگیر و مۆن و شەڕانگێزن، بەڵام پێیان شەرمە روو لە بیمارستانەکان بکەن، یان سندووقەکانیان بشکێنن و لەو قاوغ و قۆزاخەیە بێنە دەرآ کە خنکاندوونی، هۆکارەکەش ترسێکی ئەبەدییە لەوەی کە بۆ ئەوان دەرەوەی ئەو تابووتانە واتا سەرکێشی و فڕین و ملنەدان و گەڕان بە دوای ژیانێکی دیکەی تازە کە لە رۆحی ئەواندا مایەی هەڕەشەو ئەوپەڕی مەترسییە، خودی ئەو ترسەش بەرهەمی مێژووی درێژی دانپێدانەنان و نکوڵیکردنە لە بوونی ژیانێکی جیاواز و جوانتر لە دەرەوەی تابووتەکان و بۆکسەکان، خۆ گێلکردن لەوەی کە هەر هەمووان دوچاری هیستریا و شیزۆفرینیایەکی دەستەجەمعی بوون دەبێتە ماک و خەسڵەتێکی هەمیشەیی، مادامەکێ هەمووان لە من دەچن و منیش سایلی ئەوان ئاسوودەم بەوەی کە لە ناو گۆڕەکەم نەیەمە دەرەوە، لەوەدا بێئاگا لە خۆمان ئەزموونێکی وێرانکەر پیادە دەکەین کە بە رۆح و بوونی راستەقینەی خۆمان نامۆ و بێگانەمان دەکات، دواتر کە من و تۆ بە خۆمان بێگانە بووین، لە ئاکامدا بە یەکدی بێگانە و نامۆ دەبین کە ئەوەیان رێک ئێستاکەی هەموومانە.

کەم کەسانێک ماون کە گومانکار و کینەباز و ریاکار و دەمامکدار نەبن بەرامبەر یەکدی، مۆن و دڕدۆنگ و لە ناو خۆدا خنکاو. لە کۆتاییدا هەستکردن بەوەی کە لە رووکەشدا هیچ کەموکوری و غەوشێکمان نیە لای هەموومان دەبێتەوە بەوەی ئاسوودەگی درۆزنانە مەستمان بکات و خۆمان بە کەسانی نۆرماڵ بزانین، گەر کەسانێکیش هەبن گومان لەو دۆخە ناسروشتییە بکەن، هەر زوو رەوشت و نۆرمی باوی کۆمەڵایەتی وایان لێدەکات زاتی ئەوە نەکەن گومان بکەن و ناقایل بن، بۆ ئەوەش سەدەها پڕ و بیانوو هەن، هەر لەبەر ئەوەشە لای ئێمە لەسەر ئاستی رامیاری و کۆمەڵایەتی هاوچەشنی و لێکچوون و رۆحی مێگەلگەرا بەرکەماڵە نەک گومان و جیاوازی و پرسیار و تاکڕەوی. کەواتە ئەوەی لە تابووتەکە بێتە دەرەوە و خۆی جیا بکاتەوە، نامۆ و تەنیا دەکەوێت، خێڵ و بنەماڵە و حیزب و تەکیە و خانەقا و هەر هەموو دامەزراوە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئایینییەکان لەو کەسە یاخی و هەڵەتە و تاکڕەوانە دەترسێن، کە لە ئاکامدا بەرەی دژ هەموو هێزە مادی و رۆحییەکان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو چەمووش و بەلەسە و لە ڕێلادەرانە ڕاو بکەن و پاشان ڕامیان بکەنەوە، هەمیشە پێکهاتە و سیستەمی ئەخلاقی سیاسی و کۆمەڵایەتی باو و دەقگرتوو کە زۆر جار یاسا و رێسای نووسراو و نەنووسراوی هەیە پێیان ئەستەمە کەمترین ژمارە لە خەڵکانێک دروست بن کە خولیای فڕین بن لە

بەرزایی، لە دەرەوەی پۆلە مەلە نزم فڕیوەکان، لە ڕانەکە وەک بزنە شێتەکان لە ڕاستەڕێ لابدەن و بچنە دەرآ و حەز بە گیای حەرام بکەن، ئەوانەی لە دەرەوەی بۆکس و تابووتەکان بژین دەکەونە ناو دوو جۆر پۆلبەندی: شێتەکان و بەدکارەکان، چونکە مەرج نیە هەموو شێتەکان بەدکار بن، بە هەمان پێوودانگ مەرج نیە هەموو بەدکارێکیش شێت بێت، کە بە هەموو بارێکدا نامۆیی دەبێت بە خەسڵەتی سەرەکی ئەو رۆحە کێوییانە کە پتر لەو کەسانە دەچن کە گەڕ و گول و تلاوەی دەردی پیس و تیراوە بووبن و تەرە و دوورەپەرێز و ئافەرۆز مابێتنەوە، مێژووی مرۆڤایەتی تۆمارێکی دەوڵەمەندی هەیە لە ناوی ئەو زاتانە کە لە لایەن کۆمەڵگاکانی خۆیانەوە جۆرەها سزا و ئەشکەنجەی رۆحی و جەستەییان چەشتووە، بە مێ و نێرەوە، زیندان و قەنارە و شاربەدەرکردن و مۆری شێتبوون دوا چارەنووسیان بووە، لە ناو ئەو بازنەیەدا سەدەها بیریار و فەیلەسووف و زانا و دانا و نووسەر و هونەرمەندی یاخی و دنەدەر و هاری تێکەوتووە کە بە دوای مرۆڤێکی تازەدا گەڕاون و پڕوایان بەوە هەبووە ژیان وا لە شوێنێکی دیکەیە، لە پاڵ هەزارەها شەهیدی گومناو و کەسنەناس، چونکە ناکرێت هەموو یاخی و دژەباوەکان بەهرەمەندی ناسراوی ناو جیهانی فیکر و هونەر و ئەدەب و زانست بووبن، لە هەڵگەڕانەوە و یەکەمین ڕاپەرینی کۆیلەکانی سەردەمی رۆمانییەکان، سەدەها کۆیلەی یاخی هەبوون، کەچی ئێمە بە تەنها ناوی 'سپارتاگوس' دەناسین کە پێشەنگی کاروانەکە بوو.

کورتەی دەنگ و باس ئەوەیە کە دۆخی مرۆڤی نۆرماڵ کە بە سروشتی یان ئاسایی ناسراوە بۆ خۆی دۆخی نامۆبوونە، خامۆشی و مردەڵی و خۆش خەوتنە، مەستبوون و بێ هۆش و گۆشی و داپڕ لە رۆحی گەڕۆک و سۆراغکردنە، باوەشکردنە بە کۆن و ترسانە لە تازە، روو لە ئاسمانە بۆ ئەستێرە ژماردن و بێئاگا لە جۆگەلەکانی خوێن کە لەبەر پێیانی دەڕژێن، بە ناوی عەقڵزەدەیی و زاڵبوون بەسەر سروشتدا خۆی و مرۆڤ و دارو درەخت و سەوزایی و مەل و ماسی و گیاندارەکانی وێران و قڕ کردووە، هەوا و خاک و ئاوی پیس کردووە، هەر بۆیە هەنووکە گومانکردن لەو عەقڵەی شێتی بە دواوەیە، یان ملهوڕی و گەوجبوون سەرچاوەکەیەتی، بۆ خۆی وایکردووە ڕێز لە هەموو شێتەکانی سەرزەمین بگرین، لە یەکەمین مرۆڤی شێتەوە تا دوا شێتی ناو کوچەکانی خۆمان، هیچ نەبێت بە ناوی عەقڵ و خودا و مارکس ـ ەوە دونیا خاپوور ناکەن. مەرجە لێرەدا ستایشی 'میشیل فوکۆ' بکرێت لەمەڕ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی شێتی لە رۆژئاوا کە بەڵگەیە بەوەی خودی عەقڵ بۆ خۆی سەرچاوەی کارەساتە گەورەکان بووە نەک شێتی، ناچارین ڕستە بەناوەکەی 'ئارسەر میلەر' ی شانۆنووسی ئەمریکی بە یادی خۆمان بێنینەوە کە دەڵێت، ' تەنها شوێنێک لە ئەمریکادا کە بە پاکی خۆی مابێتەوە شێتخانەکانە..!'